دیمانە: کارزان کانەبی

## هێمن ئەمیر یاریزانی بلیاردی یانەی لەیلان وهەڵبژاردەی عێراق:

# هیوادارم لەسەر ئاستی جیهان ئەنجامی باش بەدەست بهێنم



■ شــاری کەرکوك یەکێکە لەو شــارانەی کە چەندین یاریزانی بەتوانای لەسەر ئاستی عێــراق پێگەیاندووە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی هەڵبــژاردەی عێراق و یانەی لەیلانی شــاری کەرکوك (هێمن ئەمیر)ە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٩ی شاری کەرکوکە و یەکێکە لە یاریزانەکان لەیاری سنۆکەر و سری بۆڵ چەندین ئەنجامی بەرچاوی بەدەستهێناوە.■

*** چۆن بوو خۆت لەنێو دنیای یاری بلیارد دۆزیەوە؟**

-لەســـەرەتا ئارەزوویەکی زۆرم هەبوو بۆئەم یارییە، بۆیە ماوەیەکی زۆر خەریکی ئەم یارییەم لەشاری کەرکوك، تاکو توانیم پەرە بەتوانای خۆم بدەم و بگەم بەئاستی هەڵبژاردەی عێراق.

***ئاستی یاری بلیارد چۆن دەبینی لەکوردستان؟**

-ئاستی یاری بلیارد ساڵ بەساڵ بەرەو پێش دەچێت، یانەکانیش گرنگی باش بەم یارییە دەدەن، بەڵگەی قسەکانیشـــم ئەوەیە کـــە لەپاڵەوانێتیەکان ژمارەیەکی زۆر لەیانەکان بەشداری پاڵەوانێتیەکان دەکەن.

*** شاری کەرکوك لەچ ئاستێکە لەم یارییەدا؟**

-شاری کەرکوك لەئێستادا لەیاری بلیارد پێشوەچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، لەچاو ســـاڵانی ڕابردوو جیاوازیەکی زۆری هەیە، لەئێستا چەندین یاریزانی باشی لێ دروست بووە کە دەتوانن ڕکابەری بەهێز بکەن.

***کێشە و گرفتی یاری بلیارد لەچی دەبینی؟**

-کێشـــەی زۆربەی یانەکانی کوردســـتان نەبوونی هۆڵێکی تایبەت بەم یارییە، هەرچەندە ئێمە کێشـــەمان نییە، بەڵام زۆر لەیانەکان هۆڵیان نییە، ئەگەر بمانەوێ ئەم یارییە پێشبکەوێت دەبێت هۆڵی تایبەتمان هەبێت.

*** وەکو یاریزانێکی هەڵبژاردەی عێراق بەبۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆ بەرەو پێشچوونی ئەم یارییە لەکوردستان؟**

-پێمان باشـــە گرنگی زیاتر بەیاریزانانی لاو بدرێت، بتوانین لەگشـــت شارەکانی کوردستان قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بکەینەوە لەم یارییە، خول و پاڵەوانێتی بـــەردەوام هەبێت، لەیانەکان زیاتر گرنگی بەیاری بلیارد بدرێت، نەك تەنیا بۆپاڵەوانێتیەکان یاریزانان کۆبکەنەوە.

*** بۆچی ئەم یارییە گرنگی زۆری پێنادرێت لەشارەکان؟**

-ســـەرەتا ئەم یارییە لەو ئاستە نەبوو، لەشارەکانی کوردستان کە گرنگی باشـــی پێبدرێت، بەڵام لەئێســـتادا واخەریکە ئەم یارییە زیندوو دەکەنەوە، یاریزانانیش خۆیان ئارەزوو لەم یارییە دەکەن.

*** حەزدەکەی یانەکانی کوردســـتان و یەکێتـــی بلیارد ڕاهێنەری بیانی بهێنێتە کوردستان بۆپێشکەوتنی یارییەکە؟**

-ئـــەوە هیوای ئێمەیە، چونکە ئێمەی یاریـــزان چەند ڕاهێنەری بەتوانا مەشقمان پێبکات، زیاتر ئاستمان پێشدەکەوێت، دەتوانین ئەنجامی زۆر باش بەدەست بهێنین.

*** باشترین ئەنجامەکانت لەم یارییە؟**

-لەسەر ئاستی عێراق لەئاستی یاریزانانی لاو توانیم ببمە باشترین یاریزانی لاو و ببمە پاڵەوان، لە کوردستانیش ئاستم بەرزە و جێگای بایەخە.

*** هیواو ئاواتت چییە لەیاری بلیارد؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم لەسەر ئاستی جیهان و ئاسیاش ئەنجامی بەرچاو بەدەستبهێنم، ناوی کەرکوك و کوردستان بەرز بکەمەوە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لەکۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاســـی گۆڤاری گوڵان دەکـــەم بەهیوای ئەوەم بـــەردەوام بن لەخزمەتکردنی وەرزشـــی کوردستان، تاکو ئێستاش شوێن دەستیان دیار بووە لەخزمەتکردنی بزاڤی وەرزشـــی لەهەرێمی کوردســـتان. بەهیوای ئەوەشم خزمەتی زیاتری ناوچە کوردییەکان بکەن بەتایبەتی لەشاری کەرکوك.

# سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەداهاتوو پاڵەوانێتی گەورەتر دەهێنینە کوردستان



لەبارەگای یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا تیشکی خستە سەر دوایین گۆڕانکارییەکانی دوای کۆتایی هاتنی یارییەکانی جامی ڤیڤا، سەفین کانەبی سوپاسی بۆسەرجەم خەڵکی کوردستان دووپات کردەوە لەپاڵپشتی کردنی هەڵبژاردەی کوردستان لەسەرکەوتنیان لەیارییەکان و بەدەستهێنانی جامی ڤیڤا، دواتریش سوپاسی گشت دەزگا ڕاگەیاندنەکانی کرد کە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لەسەرکەوتنی پێنجەمین پاڵەوانێتی ڤیڤا لەکوردستان، گوتیشی کارمان بۆ داهاتوو ئەوەیە بتوانین پاڵەوانێتیەکی گەورەتر و بەناوبانگتر بهێنینە ناو یاریگاکانی شارەکانی کوردستان، ئەگەر هەر کەموکوڕییەکمان هەبێت لەپاڵەوانێتی ڤیڤا ئەمجارە وەکو سەرەتا کارکردن و ئەزموون بوو جاری یەکەمە میوانداری پاڵەوانێتیەکی وا جیهانی بکەین. لەبارەی وەرگرتنی یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستانیش گوتی «لەداهاتوو وەرگرتنی یاریزانان بەئاست و توانا دەبێت. سەفین کانەبی ئاماژەشی بەوە کرد کە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەتەواوی ڕووداوەکانی جامی ڤیڤا بەڕوحێکی کوردانە کاریان کردووە و هیچ بیریان لەکاری حزبایەتی نەکرۆدتەوە، تەواوی کارەکانی ئاڕمەکان و بوکۆمەڵەکەمان داواتە دەستی ئین ئێف بۆرد کە ئەوانیش بەهیچ شێوەیەك بیر لەکاری حزبایەتی ناکەنەوە.



## پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان لەدهۆک دەبێت

بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان و بەهاوکاری لقی دهۆکی یەکێتیەکە وەکو بەرنامەی ساڵانەی یەکێتیەکە بڕیارە لەسەرەتای مانگی داهاتوو، پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکانی کوردستان بۆ هەردوو ئاستی کوڕان و کچان لەشاری دهۆك بەڕێوەبچێت، واش بڕیارە لەپاڵەوانێتیەکەدا ژمارەیەکی زۆر لەیانەکانی شارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و کەرکوك بەشداری بکەن، پاڵەوانێتیەکەش کراوە دەبێت، واش بڕیارە پاڵەوانێتیەکە ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بێت، شایەنی باسە یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان ساڵانە چەندین پاڵەوانێتی لەشارەکانی کوردستان ئەنجام دەدات.

## ئەمڕۆ لەخولی لاوانی پلە یەکەکانی کوردستان چەند یارییەک بەڕێوە دەچێت

لەدرێژەی یارییەکانی خولی لاوانی یانە پلە یەکەکانی کوردستان کە لەڕۆژی هەینیەوە یارییەکانی دەستپێکردووە، ١٨یانەی شارەکانی کوردستان دابەشکراون بەسەر دوو گروپ، یارییەکانیش بەسیستەمی خولێکی یەك قۆناغی بەڕێوە دەچێت، لەهەر کۆمەڵەیەکیش یانەکانی یەکەم و دووەمی ڕیزبەندی یانەکان سەردەکەون بۆ چوارگۆشەی زێڕینی خولەکە، بڕیاریشە ئەمڕۆ دووشەمە ئەم یارییانە بەڕێوەبچێت.

سۆلاڤ - گارە
دهۆك - چەمچەماڵ
دەربەندیخان - پێشکەوتن
مەخمور - ئاشتی
سۆران چاوەڕوان دەبێت
سیروانی نوێ - هەڵەبجە
ئاسۆ - سێمێل
برایەتی - خانەقین
ئاڵا - خاك
کۆیە چاوەڕوان دەبێت



## رۆماریۆ: میسی بەهەنگاوێک لەپێش نیـ



ئەســتێرەی پێشــووی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی بەرشــلۆنە ڕۆماریۆ دووپاتیکردەوە کە ئەســتێرەی ئەرژەنتینی لیۆنیل میســی لەئەســتێرەی بەرازیلی نیمار دا ســیلڤا باشــترە لەبەرئەوەی میســی خــاوەن چەندین نازناوە لەگەڵ یانەی بەرشــلۆنە، هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە کوڕەکەی (رۆمارینۆ ) لەڕێگای پێوەندیکردنە بەیانەکەی هەرێمی کەتالۆنیا. رۆماریۆ لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی لیکبی فەرەنسی گوتی: نیمار ئێستا باشترین یاریزانی بەرازیلە، بەڵام بەهەنگاوێك لەدوای یاریزان میسی دێت، چونکــە میســی ئەزموونێکی گەورەی هەیە و خــاوەن چەندین نازناوە و بەدەیان گۆڵی تۆمارکردووە، بەڵام ئەگەر هــەردوو یاریزان

## ئاریان ڕۆبن: هەموومان بەرپـ

لەدوای دەرچوونــی هەڵبژاردەی هۆڵەنــدا لەیارییەکانی قۆناغی یەکەمــی یۆرۆی ٢٠١٢ لەهەردوو وڵاتی پۆلەندا و ئۆکرانیا بەبێ ئەوەی یەك خاڵ بەدەست بهێنێت و لەهەرسێ یاریدا تووشی دۆڕاندن هــات بەرامبەر بە هەڵبژاردەکانی دانیمارك و ئەڵمانیا و پورتوگال، یاریزان ئاریان ڕۆبن هێرشبەری هەڵبژاردەی هۆڵەندا هۆکاری ئەم شکستەی بۆ هەموان گەڕاندەوە لەیاریزانان و ڕاهێنەران کە کەمتەرخەم بوون لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بۆیە ئەوان هەموویان بەیەك ئاست و پلە بەرپرسن لەم ئەنجامانە.

رۆبن لــە لێدوانێکیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەدوای دەرچوونــی هەڵبژاردەی هۆلەندا لــە یۆرۆی ٢٠١٢ گوتی: ئێمە لەسێ یاری دۆڕاین ئەوەش ڕاستییەکە زەحمەتە قبوڵ بکرێت، پێویســتە ئێمە بەجورئەت بین و سەیری ئاوێنە بکەین و دان بەوە دابنێین کە تووشــی شکست بووین، زەحمەتە پاساو بۆ ئەم شکستە بدۆزینەوە، چونکە هەندێك جار شکســتەکان زەحمەتە پاساویان بۆ بهێنیەوە.

هەروەها ڕۆبن گوتــی: لەهەندێك یاری بەباشــی دەستمان پێدەکرد، بەڵام هــەرزوو لەبیرمان دەچوو




## بەهۆی ڕیـــکلامێکەوە

یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپــا بڕیاریــدا یاریزانی هەڵبژاردەی دانیمارك و یانەی ئەرسنال نیکۆلاس بیندێنتــەر بۆ یەك یاری لەیارییەکانی پاڵاوتنــی مۆندیالی ٢٠١٤ لەکیشوەری ئەوروپا ڕابگرێت لەگــەڵ غەرامەکردنی بەبڕی ١٠٠ هەزار یۆرۆ (١٢٦٤٠٠ دۆلار) بەهۆی

# ـــــــماره

لەدوو یانەی هاوســەنگ یاری بکەن ئەنجامەکە ١٠ بەرامبەر ١٠ دەبێت.
ڕۆماریۆ کە ئێســتا ئەندامی پەرلەمانی بەرازیلە ئەوەی ئاشــکراکرد کە کورەکەی ڕۆمارینۆی تەمەن ١٨ ســاڵ دەکرێ بۆ ماوەی ٦ مانگ یان ساڵێك لەیانەی بەرشلۆنە مەشق بکات دواتر دەتوانێ یاری بۆ تیپی یەکەم بکات، دەربارەی گۆڵەکانی خۆی، ڕۆماریۆ گوتی: ئەوەی لەتوانام دابوو پێشکەشم کرد و بەباشی مەشقەکانی خۆم ئەنجامداوە و توانیم ١٠٠٢ گۆڵ تۆمار بکەم.
شــایانی باسە یاریزان ڕۆماریۆ لەســاڵانی نەوەدەکان بۆ یانەی بەرشلۆنە یاری کردووە و خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهانی وەرگرتووە.

# ــــــــرسین لەشکستەکانی هۆڵەندا

**چۆن یاری بکەین، لەناو ئەو کۆمەڵە یاریزانە زۆر شت ڕوویدا کە باش نەبوون و ئێستا کاتی باسکردنی نییە، ئەو نهێنییە لای خۆمان دەمێنێتەوە.**



# یاریزانێکی کرواتیا: مۆدریچ لەیانەی ڕیال مەدرید نزیکە

یاریزانی پێشــووی هەڵبژاردەی کرواتیا ماتی بیلیچ ئەوەی ئاشــکراکرد کە هاوڕێکــەی یاریزانی هەڵبژاردەی کرواتیا و یانــەی تۆتنهام لۆکا مۆدریچ زۆر نزیکبۆتەوە لەیانەی ڕیال مەدریدی ئیســپانی، یاریزان مۆدریچ تەمەن ٢٦ ســاڵ کە بەکرۆیفی بچووك ناســراوە پێش چوار ساڵ پێوەندی بەیانەی تۆتنهام کردووە و ئێســتا یەکێکە لەئەستێرەکانی خولی ئینگلتەرا، هەر بۆیە یانــە گەورەکانی ئەوروپا داوای دەکەن لەپێش هەموویان مانچستەر یونایتد و چێڵسی.



یاریزان ماتی بیلیچ لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی دەیلی مێلی بەریتانی گوتــی: مــن هاوڕێیەکی نزیکی یاریزان مۆدریچم، ئەو دەیــەوێ لەخولی ئیسپانیا یاری بکات، ڕاســتە ئەو خولی ئینگلتەرای خــۆش دەوێت، بــەڵام دەیــەوێ ڕوو لەلالیــگا بکات، بۆیە ئەو زۆر نزیکە لە ئەنجامدانی ئەم هەنگاوە و یــاری کــردن بــۆ یانەی ڕیال مەدرید. لەلایەن خۆیەوە ئەفســانەی تۆپی پێی کرواتی داڤۆر ســۆکەر کە پێشــتر بۆ یانەی ڕیال مەدرید یاری کردووە پشتگیری خۆی بۆ ئارەزووەکەی یاریــزان مۆدریــچ ڕاگەیانــد و گوتی: مۆدریچ یاریزانێکە پێویستی بەیاریکردنە لەیانەیەك کە ململانێ لەسەر نازناوەکان بــکات، ئەو دەتوانێ لەیانەی ڕیال یاری بکات، هیوادرام سەرۆکی یانەی ڕیال فلۆرەنتینۆ پێرێز بڕیــاری کڕینەوەی بدات، چونکــە ئەگەر ڕیال مەدرید بۆندی لەگەڵ مۆر نەکات ئەوە دەچێتە یانەی چێڵسی یان مانچستەر سیتی.

# بیــندێنتەر ڕادەگــیرێت

پێشــێلکردنی ڕێنماییەکانی چاودێری و ڕیکلامکردن لەیارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢.
یاریزان بیندێنتەر ئەو ســزایەی وەرگرت دوای ئەوەی لەیاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی دانیمــارك و پورتوگال کە بەئەنجامی (٣*٢) گــۆڵ بۆ بەرژەوەندی پورتوگال کۆتایــی هات و لەکاتی ئاهەنگ گێڕان بەتۆمارکردنی گۆڵــی بەرامبەر ڕیکلامێکی کۆمپانیایەکی گرەوکردنــی ئێرلەندا لەســەر جلی ژێرەوە بەدیارکــەوت کە ئەوەش بەپێچەوانەی ڕێنماییەکانە.
یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا ئەو هەڵســوکەوتەی یاریزان بیندێنتەری بەهەڵســوکەوتێکی ناشایستە وەســفکرد لەو کاتەی ڕێنماییەکانی یوێفا هەموو جۆرە ڕیکلامێك لەسەر جلوبەرگی یاریزانان بەدرێژایی یارییەکانی یۆرۆ قەدەغــە دەکات، لەلایەن خۆیەوە یاریزان نیکۆلاس بیندێنتــەر ڕایگەیانــد کە ئــەو نەیدەزانی کە ئەو هەڵســوکەوتە بەپێچەوانەی ڕێنماییەکانی یوێفایە.
بەپێی ئەم ســزایە یاریــزان بیندێنتەر ناتوانێ بەشــدار بێت لەیەکەم یاری هەڵبژاردەی دانیمارك لەیارییەکانی مۆندیالی ٢٠١٤ لەوڵاتی بەرازیــل، یاریزانی ناوبراویش دەتوانــێ تێهەڵچوونەوە بەرامبەر ئەم سزایە لەیەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا بەرزبکاتەوە.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# تیروپشکی قۆناغی ٨ی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێ ڕاکێشرا

هەفتەی ڕابردوو لەمالیزیا تیروپشکی قۆناغی هەشتەمی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی ڕاکێشرا، کە تیایدا هەریەکە لەیانەکانی (هەولێر، شورتە سوریا، ئیتفاق سعودی، کوەێت کوەێتی، وەحداتی ئوردنی، ئەریما ئەندنوسی، تشۆنبۆری تایلندی، کیلانتان مالیزی)، یارییەکانی چوونی قۆناغی هەشت لە(٢٠١٢/٩/١٨) بەڕێوە دەچێت و یارییەکانی هاتن لە(٢٠١٢/٩/٢٥) بەڕێوە دەچێت و یارییەکانی چوونی قۆناغی پێش کۆتایی لە(٢٠١٢/١٠/٢) بەڕێوە دەچێت و یارییەکانی هاتن لە(٢٠١٢/١٠/٢٣) بەڕێوە دەچێت و یاری کۆتایی جامی یەکێتی ئاسیا لە(٢٠١٢/١١/٣) بەڕێوەدەچێت.

لەقۆناغی هەشت یانەی هەولێر ڕووبەڕووی یانەی کیلانتان-ی مالیزی دەبێتەوە و یەکەم یاری لەیاریگەی شەهید فرنسۆ هەریری بەڕێوە دەچێت، ئەنجامی تیروپشکی قۆناغی هەشت بەمشێوەیە بوو.




هەولێر — کیلانتان

تشۆنبۆری تایلند — شورتە سوریا

ئەریما ئەندنوسیا — ئیتفاق سعودیە

کوەێت کوەێتی — وەحدات ئوردن

هەر لەهەمان ڕۆژدا تیروپشکی یارییەکانی قۆناغی پێش کۆتایی ڕاکێشرا، کە تیایدا براوەی یاری نێوان هەردوو یانەی (هەولێر — کیلانتان) ڕووبەڕووی براوەی یاری نێوان هەردوو یانەی (تشۆنبۆری و شورتە) دەبێتەوە و هەروەها براوەی یاری نێوان هەردوو یانەی (ئەریما و ئیتفاق) ڕووبەڕووی براوەی یاری نێوان هەردوو یانەی (کوەێت و وەحدات) دەبێتەوە، ئەگەر یانەی هەولێر بگاتە یاری کۆتایی جامی یەکێتی ئاسیا ئەوە یاری کۆتایی ئەم پاڵەوانێتیە لەیاریگەی نێودەوڵەتی شەهید فرنسۆ هەریری بەڕێوە دەچێت و لەیاری کۆتایی تەنیا یەك یاری بەڕێوە دەچێت.

جێگەی باسە یانەی هەولێر لەم پاڵەوانێتیە لەوەرزی پارساڵ توانی بگاتە قۆناغی پێش کۆتایی و لەم قۆناغەدا بەرانبەر یانەی کوەێت کوەێتی تووشی دۆڕان هات و ماڵئاوایی لەم پاڵەوانێتیە کرد.



# پاڵەوانیەتی جمناستیک-ی ناوەندە وەرزشییەکانی پارێزگای هەولێر تەواو بوو

لەهۆڵی داخراوی بنەسڵاوە پاڵەوانیەتی جمناستیك-ی ناوەندە وەرزشییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر هاتە ئەنجامدان، لە پاڵەوانیەتیەکەدا ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر توانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت و ناوەندی وەرزش و لاوانی بنەسڵاوە پلەی دووەمی بەدەستهێنا.

ئەم پاڵەوانێتیە بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی هەولێر بەڕێوەچوو و ٥ ناوەندی وەرزشی تێیدا بەشداربوون، ئەوانیش هەریەکە لە(هەولێر، بەحرکە، بنەسڵاوە، دارەتوو، کۆیە).


جێگەی باسە ساڵانە بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی هەولێر پاڵەوانێتی لەم جۆرە دەکاتەوە بەمەبەستی پتەوکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی یاری جمناستیك لەشاری هەولێر.

# پاڵەوانیەتی شەترەنجی ناوەندە وەرزشییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر تەواو بوو

بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتیی وەرزش و لاوانی هەولێر و بەهاوکاری یانەی وەرزشی شەترەنجی خانزاد پاڵەوانیەتی شەترەنجی ناوەندە وەرزشییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر لەسەر ئاستی لاوان ئەنجامدرا.

لەپاڵەوانیەتیەکەدا (٩) ناوەندی وەرزشی بەشداریان تێیدا کردبوو کە ماوەی دوو ڕۆژی خایاند، لەم پاڵەوانێتیەدا ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر بەکۆکردنەوەی (٧) خاڵ پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، ناوەندی وەرزش و لاوانی بنەسڵاوە بەکۆکردنەوەی (٦) خاڵ پلەی دووەمی بەدەستهێنا.

لەلێدوانێکیدا بەڕێوەبەری وەرزش و لاوانی هەولێر (تاهیر سابیر) گوتی: مەبەست لەکردنەوەی ئەم جۆرە پاڵەوانێتییە بایەخ و گرنگیدانە بەیاریزانانی تازەپێگەیشتوان و لاوانی ناوەندە وەرزشییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر و ئەم پاڵەوانیەتیە بەسیستەمی سویسری (٥) جەولە هاتە ئەنجامدان، کە نزیکەی (٣٦) یاریزانی لاو بەشداریان تێدا کردبوو.



# چەند ئامارێکی تایبەت بەمێژووی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا

دوای ئەوەی جامـــی نەتەوەکانی ئەوروپای ٢٠١٢ گەیشـــتە قۆناغی پێش کۆتایـــی و چوار هەڵبـــژاردەی زلهێزی ئەوروپا توانیان بگەنـــە ئەم قۆناغە و هەوڵی بەدەســـتهێنانی نازنـــاوی پاڵەوانێتیەکە دەدەن، بەپێویســـتم زانی چەند ئامارێکـــی تایبەت بەمێژووی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا بخەمە ژێر دەســـت و دیدی خوێنەران.

لەساڵی (١٩٦٠) تا ســـاڵی (٢٠٠٨) ١٣ جار پاڵەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئەوروپـــا ئەنجامدراوە، کە تیایدا لەم ماوەیەدا ٩ هەڵبـــژاردە توانیویانە نازناوی پاڵەوانێتیەکە بەدەستبهێنن، بەمشێوەیە:

١-ئەڵمانیا ٣ جار (١٩٩٦،١٩٨٠،١٩٧٢)، ٢- ئیسپانیا ٢ جار (٢٠٠٨،١٩٦٤)، ٣- فەرەنســـا ٢ جار (١٩٨٤، ٢٠٠٠)، ٤- یەکێتی ســـۆڤیەت ١ جار (١٩٦٠)، ٥- چیکوسلۆڤاکیا ١ جار (١٩٧٦)، ٦-ئیتاڵیا ١ جار (١٩٦٨)، ٧- هۆڵەندە ١ جار (١٩٨٨)، ٨- دانیمارك ١ جار (١٩٩٢)، ٩- یۆنان ١ جار (٢٠٠٤).

ئەمەی خوارەوەش چەند ئامارێکی تایبەت بەم پاڵەوانێتیە.

١-هەڵبژاردەی ئەڵمانیا یەکـــەم هەڵبژاردەیە لەمێژووی پاڵەوانێتیەکەدا ٣ جار نازناوەکە بەدەست دەهێنێت.

٢-هەڵبـــژاردەی ئەڵمانیا یەکەم هەڵبژاردەیـــە لەمێژووی ئەم پاڵەوانێتیەدا، کە بتوانێت ٦ جار بگاتە یاری کۆتایی.

٣-هەڵبژاردەی ئەڵمانیا یەکەم هەڵبژاردەیە لەمێژووی ئەم پاڵەوانێتیە زۆرترین جار بەشـــداری لەیارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامـــی نەتەوەکانی ئەوروپا کردووە و توانیتی بگاتە جامی نەتەوەکانی ئەوروپا ١٠ جار.

٤- هەڵبژاردەی ئەڵمانیا زۆرترین یاری لەمێژووی پاڵەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای ئەنجامداوە ئەویش ٤٢ یاری(تا پاڵەوانێتی ٢٠٠٨).

٥-هەڵبژاردەی ئەڵمانیا زۆرترین بردنەوەی لەپاڵەوانێتیەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا بەدەســـت دەهێنێت کاتێك لە٢٠ یاری ســـەرکەوتنی بەدەســـتهێناوە (تا پاڵەوانێتی ٢٠٠٨).

٦-هەڵبـــژاردەی ئەڵمانیا یەکەم هەڵبژاردەیـــە لەمێژووی ئەم پاڵەوانێتیەدا، کە چوار جار یاریزانەکان نازناوی گۆڵکار بەدەست دەهێنن ئەویش هەریەکە لەیاریزانان (گێرد مۆلەر، مۆرتان کلاوس، ئۆلەفس مۆرە، کارل هاینس ڕیدلە).

٧- هەڵبـــژاردەی ئەڵمانیا یەکەم هەڵبژاردەیـــە لەمێژووی ئەم پاڵەوانێتیدا، کە بتوانێت ســـێ جار لەســـەر یەکدی بگاتە یاری کۆتایی ئەم پاڵەوانێتیە ئەویش لەساڵانی (١٩٧٢،١٩٧٦،١٩٨٠).


٨- یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتـــەرە ماکدۆناڵد خاوەن نازناوی تۆمارکردنی زۆرترین گۆڵە لەیەك یاری کاتێك لەپاڵەوانێتی ســـاڵی (١٩٧٦) توانی ٥ گۆڵ لەهەڵبژاردەی قوبرس تۆمار بکات.

٩- یاریزانی هەڵبژاردەی کرواتیا داڤۆر سۆکور گۆڵکاری مێژوویی یارییەکانی پاڵاوتـــن و پاڵەوانێتیەکانـــی جامی نەتەوەکانی ئەوروپایـــە بەتۆمارکردنی ٢٠ گۆڵ.

١٠- لوســـەر ماتیوس یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و پیتر شمایکل گۆڵچی هەڵبژاردەی دانیمارك خاوەن ژمارەیی پێوانەیین، کاتێك بەشدارییان لە٤ پاڵەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا کردووە.

١١- هەریەکـــە لەهەڵبژاردەکانی یوگســـلاڤیا و بەلژیکا و پورتوگال یەك جار گەیشتنە یاری کۆتایی، بەڵام نەیانتوانیوە نازناوەکە بەدەستبهێنن.







ڕێبین ڕەمزی